# هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ، زوڵم و زۆر لە ئەستوری

ناسر ئەمینئژاد

ئەم رۆژانە پەیکەری خوێندکارێکی ساڵی چواری زانستگای حقوق، خەڵکی شاری سنە، بە ناوی "ئیبراهیم لوتفولایی" کە گوایە لە گرتوخانەدا خۆی کوشتووە، لە لایەن کاربەدەستانی ئیتلاعاتی ئەو شارە بە دزە و بەدوور لە چاوی خەڵک و تەنانەت کەسوکارەکەی بن عەرد کرا. ناوبراو دوو حەفتە پێشتر لە لایەن دایرەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەستگیر کرابوو. پاش ئەم کەینوبەینە کاربەدەستانی رژیم هەرەشەیان لە بنەماڵەێ "ئیبراهیم" کردووە کە ئەگەر بێتوو دەنگ هەڵبڕن، نارەزایەتی بنوێنن و داوای هەڵدانەوەی "قەبری" منالەکەیان بکەن و پێوشوێنی ئەم کوشتنە بگرن، دوو کورەکەی دیکەشیان بەو دەردە دەبردرێ. هەروەها لە هەواڵەکاندا هاتووە و دەگوترێ گۆڕەکەی "ئیبراهیم لوتفولایی" سمیتڕێژ کراوە، تا مەبادا کەسوکارەکەی قەبرەکەی هەڵدەنەوە و داوای لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کوژرانی کورەکەیان بکەن.

گومان لەوەدا نیە کە ئەم لاوەش وەک هەزاران دەستگیرکراوی دیکە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری لە تاقەتبەدەردا نەیتوانیوە گیان دەربەرێ. کوشتنەکەشی هێندە جینایەتکارانە و ئاسەواری ئەشکەنجەکان هێندە ئاشکراو روون بووە کە کاربەدەستان لەترسی دژکردەوەی خەڵک نەیانوێراوە دەریبخەن. کوشتنی لەمجۆرە و بێسەوشوێنکردنی ئینسانەکان لە رژیمی کۆماری ئیسلامیدا نە یەکەم جارە و بێگومان دواین جاریش نابێ. خەڵکی ئازارچەشتوی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی رۆژانە لە گەڵ ئەم جینایەتانە بەرەورووبن. راستییەکانی ئەم سیساڵە نیشانی داوە کە سەرکوتاندنەوە و داپڵۆساندن لە تایبەتمەندییە هەرگیز جیانەکراوەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامییە. کۆڵەکەکانی ئەم رژیمە لەسەر زەبروزەنگ نواندن و چاوترسێن کردنی خەڵک و لەسەر درۆودەلەسە و فریوکاری و رووهەڵماڵدراوی دارێژراوە. هەڵواسین و بەردەبارانکردن، دەست و لاق پەڕاندن و فڕێدان لە بەرزاییەوە، کوشتنی بەکۆمەڵ و سەرکوتی بەردەوام لە ئاکارە دزێو و دژی ئینسانییەکانی رژیم و شێوازی دەسەڵاتداری ئیسلامییە لە ئێران.

کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامی تژییە لەم کوشتنانە. "ئیبراهیم لوتفولایی" یەکێکە لە قوربانییەکانی دەستی ئەم رژیمە، یەکێکە لەو هەزاران هەزار ئینسان و قوربانییانەی کە تەنیا لەبەر پێملنەبوون بە یاسا و ریسای دژی ئینسانی رژیم گیانیان بەختکردووە. یەکێکە وەک شوانەی قادری کە بە درندانەترین شێوە لەتوپەت کرا، وەک کەماڵی مەحزونی کە بنچاڵکرا، وەک ئیعدام کراوەکانی فرۆکەخانەی سنە، وەک پەنجا و نۆ کەسەکەی مەهاباد، وەک هەزاران بێسەروشوێن کراوی قەسابخانەکانی رژیم، وەک هەزاران نێژراوی بە کۆمەڵی دەشتە شەقارشەقار بووەکەی خاوەران. یەکێکە وەک دوکتور زەهرا بەنی یەعقوب کە هەر ماوەیەک پێش ئێستا لە گرتوخانەی هەمەدان دەستدرێژی کرایە سەر و کوژرا و پاشان ناوی خۆکوژی لە زیندانی خرایەسەر.

ئەمانە هەمووی گۆشەیەکن لە بێبەزەیەتی و جینایەت. گومان لەوەدا نییە کە لیزگەی جینایەتەکانی رژیم گەلێک درێژترە و بە هەودای درەندەیی بێ وێنە هۆندراوەتەوە کە تەنیا دوای داتەپانی ئەم دامودەزگا دژی بەشەرییە دەردەکەون؛ دەردەکەون کە ئەم دژ بە مرۆڤانە، بە روانگەی پۆڵکیو و ئەتواری نامرۆڤانەی خۆیان چ کێماوێکی خەست و بۆگەنیویان لە پاش خۆیان بەجێهێشتووە. دەردەکەوێ کە چ بێبەزەییەتی و درندەییەکیان لێ وەشاوەتەوە، کە لە نەوعی خۆیدا بێوێنەیە.

بە دڵنیاییەوە دەرەنگ یان زوو گەلانی ئازاردیتو، خەڵکانی بەش مەینەت و کۆمەڵگای قەتیسکراوی ئێران لاپەرەیەکی دیکە هەڵدەدەنەوە و بە هیممەتی کۆڵنەدەرانەی گشتی و بەربەرەکانێ و خۆڕاگری هەمە لایەنە دەتوانن مێژووی خۆیان لەم نەگبەتی و لەم رۆژگارە تاڵە دەرباز بکەن و بە دوور لە سێبەری رەشی کۆماری ئیسلامی هەناسەیەکی بە ئاسودەگی هەڵبکێشن. ئەمە دەرسی مێژووە و هیچ دەسەڵاتێکی زۆردار و هیچ بیرێکی پۆلکیوی کۆن ناتوانن خۆی لێدەباز بکەن. ئەم زنجیرەی زەبروزەنگ و زۆردارییە دەبێ بپسێ، چیتر کۆڵی مرۆڤایەتی و مێژوو هەڵیناگرێ.



www.rawij.com